**بەش: زانستە سیاسییەکان**

**کۆلێژ: زانستە سیاسییەکان**

**زانکۆ: سەلاحەدین-هەولێر**

**بابەت: هزری سیاسی کۆن (یۆنان- ڕۆما)**

**پەرتووکی کۆرس – قۆناغی یەکەم**

**ناوی مامۆستا: ئومێد عبدالقادر عبدالکریم**

**ساڵی خوێندن: ٢٠٢٣-٢٠٢٤**

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| ١. ناوی کۆرس | هزری سیاسی کۆن (یۆنان- ڕۆما) |
| ٢. ناوی مامۆستای بەر پرس | ئومید عبدالقادر عبدالكريم |
| ٣. بەش/ کۆلێژ | بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیسەتی گشتی/ کۆلێژی زانستە سیاسییەکان |
| ٤. پەیوەندی | ئیمێل:<br>Omed.abdalkarim@su.edu.krd |
| ٥. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | تیۆری: ٣ کاتژمێر |
| ٦. ژمارەی کارکردن | یەکشەممە تا پێنج شەممە |
| ٧. کۆدی کۆرس | |
| ٨. پرۆفایەلی مامۆستا | بڕوانامە و پسپۆری:<br>١- بەکالۆریۆس لە زانستە سیاسییەکان بە پلەی زۆرباش – کۆلێژی یاسا و زانستەسیاسیەکان - زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر- ٢٠١٠.<br>٢- ماستەر لە زانستە سیاسییەکان( هزری سیاسی هاوچەرخ) کۆلێژی یاسا و زانستەسیاسیەکان- زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر- ٢٠١٦ .<br>٣- دکتۆرا لە زانستەسیاسییەکان(سیتەمە سیاسییەکان)<br>پسپۆری ورد: سیستەمە سیاسییەکان<br>ناونیشانی زانستی: مامۆستا<br>شوێنی کارکردن: کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی - زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر، هەرێمی کوردستان- عێراق.<br>١- پرس و بابەتە سیاسیەکان.<br>ئاستی زمان: زمانی دایک کوردی و شارەزایی زۆر باش لە زمانی عەرەبی و ئاستی مامناوەند لە زمانی ئینگلیزی .<br>کارکردنی پێشوو:<br>وەک یاریدەدەری توێژەر/معید کۆلێژی یاسا و زانستە |

| | |
|---|---|
| سیاسییەکان/ زانکۆی سەلاحەدین ٢٠١١-٢٠١٤.<br><br>بەڕێوەبەری یەکەی پلاندانان کۆلێژی زانستە سیاسییەکان/ زانکۆی سەلاحەدین ساڵی ٢٠١٧.<br><br>بەڕێوەبەری یەکەی دڵنیایی جۆری کۆلێژی زانستە سیاسییەکان/ زانکۆی سەلاحەدین- هەولیر ساڵی ٢٠١٨.<br><br>بڕیاردەری بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی کۆلێژی زانستە سیاسییەکان /زانکۆی سەلاهەدین- هەولێر ٢٠١٩-٢٠٢٠<br><br>کارکردنی ئێستا:<br><br>مامۆستای میلاک لە کۆلێژی زانستەسیاسییەکان- زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر.<br><br>ئەو وانانەی تا ئێستا پێشکەشی کردووە:<br><br>• سیستەمی سیاسی لە عێراقی هاوچەرخدا قۆناغی دووەم، بەشی سیستەمەسیاسییەکان و سیاسەتی گشتی- کۆلێژی زانستە سیاسییەکان- زانکۆی صلاح الدین- هەولێر ٢٠١٩- ٢٠٢٠.<br>• پەیوەندییە هەرێمایەتیەکانی عێراق- قۆناغی دووەم، بەشی سیستەمەسیاسییەکان و سیاسەتی گشتی- کۆلێژی زانستە سیاسییەکان- زانکۆی صلاح الدین- هەولێر ٢٠١٩- ٢٠٢٠.<br>• العلاقات الاقتصادیة الدولیة، المرحلة الرابعة، الصباحي والمسائي،قسم العلاقات والدبلوماسیة، جامعة بیان- اربیل، ٢٠١٩.<br>• المنظمات الاقلیمیة، المرحلة الثالثة، قسم العلاقات والدبلوماسیة جامعة بیان- اربیل، ٢٠٢٠ .<br>• هزری سیاسی کۆن (یۆنان) کۆرسی یەکەم، قۆناغی یەکەم، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان –زانکۆی صلاح الدین- هەولێر- ٢٠٢١-٢٠٢٠.<br>• هزری سیاسی کۆن (ڕۆما) کۆرسی یەکەم، قۆناغی | |

<table>
<tr><td>

یەکەم، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان – زانکۆی صلاح الدین- هەولێر- ٢٠٢١-٢٠٢٠.

- تطور الفكر السياسي، المرحلة الرابعة الصباحي والمسائي، قسم العلاقات الدولية، جامعة نولج، اربيل، ٢٠٢١-٢٠٢٢
- علم الاجتماع السياسي، المرحلة الثالثة، قسم العلاقات الدولية، جامعة نولج، ٢٠٢١-٢٠٢٢.
- سیاسەت و نمونەکانی ئاسایشی نەتەوەیی- قۆناغی سێیەم- کۆلێژی زانستە سیاسییەکان- بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی- زانکۆی صلاح الدین-هەولێر- ٢٠٢٣-٢٠٢٤.

کاری ڕێکخراوەیی:

- توێژەر لە سەنتەری توێژینەوەی سیاسی و ستراتیژی (CPSS)کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکان/ زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.
- ئەندامی کۆمەڵەی زانستە سیاسییەکان- سلیمانی.
- ئەندامی ڕێکخراوی حوکمڕانی باش لە پێناو گەشەپێدان- هەولێر.

</td><td></td></tr>
<tr><td>هزری سیاسی، یۆنان، ئەفلاتون، ئەرەستو، رۆما، شیشرۆن، سینیکا</td><td>٩. وشە سەرەکیەکان:</td></tr>
<tr><td colspan="2">

**١٠. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

ئەم وانەیە تایبەتە بە باسکردن و لێکدانەوە وهەروەها خستنەرووی هزری سیاسی کۆن، چونکە هزری سیاسی یەکێکە لە بابەت وبنەما سەرەکی و بنەرەتییەکانی زانستەسیاسیەکان کە جەخت لە بەرهەمە هزرییەکانی مرۆڤ لەپەیوەندی لەگەل سیاسەت و دیاردەی سیاسی دەکاتەوە. بەم مانایە کە هزری سیاسی ئامرازیکە بۆ شیکردنەوەی دیاردە سیاسیەکان و هەروەها سەرهەڵدانیان و رونکردنەوەی ئەو فاکتەر و بنەمایانەی کە پێکەوە کارلێک دەکەن بۆ دەرکەوتنی هەر دیاردەیەکی سیاسی و هەروەها پێشبینیکردن و تێگەیشتن لە داهاتووی رووداو پێشهاتە سیاسیەکان.

ئەم وانەیە بەسەر چوار قۆناغ و ساڵی خوێندن دابەش دەکرێت و لەهەر ساڵ و قۆناغێک بەپێی ریزبەندی مێژوویی دەخوێندرێت. کە بە پێی ئەم ریزبەندیە بریتیە لە هزری سیاسی کۆن و هزری سیاسی ناوەڕاست و هزری سیاسی نوێ و هزری سیاسی هاوچەرخ. بەڵام گرنگی هزری سیاسی کۆن لەوەدایە کە بەسەرچاوە یان بنەڕەتی هزری سیاسی یان دایکی هزری سیاسی دەناسرێت.

</td></tr>
</table>

بۆیە پێویستە قوتابی بە وردی و بەقووڵی ئاشنای بیرمەندان و روانگە و هزری سیاسی و فوتابخانە هزرییەکانی ئەو سەردەمە بێت تاوەکوو بتوانێت لە ساڵەکانی داهاتوودا باشتر و رونتر ئاشنای گۆرانکاریەکانی هزری سیاسی و بیروڕای هزرمەندانی تر لە قۆناغەکانی تر بێت.

بۆیە لەم ساڵەدا هەوڵدەدەین کە قەناغ بەقۆناغ بەپێی گۆڕانکاریەکان بیر و را و هزری سیاسی گەورە بیرمەندانی ئەم بوارە کە کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگەی سەردەمی خۆیان و هزر و گۆڕانکاریەکانی دواتر هەبووە دەخەینە روو و قوتابیان ئاشنای بیر و بۆچونەکانیان دەکەین.

**١١. ئامانجەکانی کۆرس:**

١- باسکردن لە هۆکارەکانی سەرهەڵدان و گۆڕانکاری و وەرچەرخانە هزریە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و تەنانەت ئایینیانەی ئەو سەردەمە کە بە پێی پۆلینکردنی ئێمە بە هزری سیاسی کۆن و سەردەمی یۆنان و دەوڵەت - شار و سەردەمی رۆما دەناسرێت.

٢- ئاشنا بوون لەگەڵ تێروانینی بیرمەندانی ئەم سەردەمە لەهەمبەر دیاردە و بابەت سیاسیەکان وەکوو: دەوڵەت، سیاسەت، جۆرەکانی دەسەڵاتداریەتی، یاسا، رەوایەتی، خاوەنداریەتی، ماف، ئازادی و دیموکراسی و...هتد.

٣- ئاشنا بوون بە بیر و هزری بیرمەندانی سیاسی ولێکدانەوە و جیاوازی کردن لە نێوان هزری بیرمەندانی گەورە وەکوو: هزری سوفێستاییەکان، سوقرات، ئەفلاتون، ئەرەستو، کەلبیەکان و ئێپیکۆرییەکان و هەروەها رەواقییەکان و هزرمەندانی سەردەمی رۆما.

**١٢. ئەرکەکانی قوتابی:**

قوتابیان پێویستەلە هەموو وانەکان بەشدار بن و لەهەر هەفتەیەك دا بتوانن لەسەر وانەی رابردوو وياخود وانەکانی پێشووتر گفتوگۆ بکەن ویان بە شێوەی هەڵسەنگاندنی خێرا تاقیبکرێنەوە. لەسەر قوتابیان پێویستە لە کۆرسەکە دا سمینار و راپۆرت پێشکەش بکەن لەسەر پرس و بابەتە پەیوەندیدارەکان بە وانەکە. هەروەها واباشترە کە قوتابیان بێجگە لە سەرچاوە پەیوەندیدارەکان بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر سوود لە سەرچاوەکانی تر پێشکەشکراو وەربگرن.

**١٣. رێگەی وانە ووتنەوە:**

لەم ساڵەدا مامۆستای وانەکە هەڵدەستێت بە پێشکەشکردنی ناوەڕۆکی بابەتی وانەکەی لە شێوەی "محازەرات" بە پێی ئەو خشتەیەی کە دەیخەینە روو بۆ قوتابیان بە سوود وەرگرتن لە" وایت بۆرد" و "داتاشۆ"، لەگەڵ بەشداری پێکردنی قوتابیان لە رێگەی پرسیار و وڵام و رەخساندنی بوار بۆ گفتوگۆ و راڤەی بابەت و پرسەکان.

**١٤. سیستەمی هەڵسەنگاندن:**

بە رەچاو کردنی سروشتی وانەکە و هەروەها تایبەتمەندی زانستە سیاسییەکان، بۆ تاقیکردنەوەکان زیاتر کەڵک لە شێوازی "دارشتن" یاخود ئینشایی (مقالی) وەردەگرین. دابەشکردنی نمرەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

١- تاقیکردنەوەی میدتێرمی (٣٠) نمرە دەبێت.

٢- چالاکی و بەشداری و ئەرکی رۆژانە (١٠) نمرە دەبێت کە بە پێی چەند پێوەرێک دەبێت، لەوانە تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی خێرا (quiz) و پێشکەشکردنی راپۆرت و سمینار دەبێت لە لایەن قوتابیانەوە.

٣- تاقیکردنەوەی کۆتایی هەردوو سمستەری یەکەم ودووەم (٦٠) نمرە دەبێت.

**١٥. دەرئەنجامەکانی فێربوون:**

ا- توانای جیاوازی کردن و لێکدانەوەی سیستەمە سیاسیەکان و تایبەتمەندییەکان و دەرهاویشتەکانی بە پێی هزری سیاسی بیرمەندانی ئەو سەردەمە و ئاسەوارەکانی تاوەکوو لە سەردەمی ئێستا.

ب- توانای رەخنە گرتن لە بنەماکانی هزری سیاسی بیرمەندانی ئەو سەردەمە ویان بەواتایەکی تر توانای ناسینی خاڵی لاواز و بەهێزی هزری ئەم بیرمەندانە بە پێی بارودۆخ و چۆنییەتی ڕوانینیان یان ئەو ژینگە سیاسی و کۆمەڵایەتیەی کە تیایدابوون و هەوڵی گۆرینیان دەدا.

ج- ئامادە بوونی قوتابی بۆ تیگەیشتن لە وانەکانی تری زانستەسیاسییەکان لە قۆناغەکانی تری خویندن

د- بەرزکردنەوەی توانای شیکردنەوەی سیاسی قوتابی زانستەسیاسییەکان داهاتوودا لەرێگەی پێناسەکردنی تیۆریەکان و هزری سیاسی و هەڵسەنگاندنیان و پەیوەندیان بە دیاردەی سیاسی و دەسەڵاتی سیاسی بەپێی واقعی سیاسی و هەروەها تێگەیشتن لە چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەو سەردەمە لەرێگەی ئەم هزرە سیاسیانە.

**١٦. لیستی سەرچاوەکان:**

یەکەم: سەرچاوە بنەرەتیەکان

بە کوردی

١- غانم، محمدصالح، بیری سیاسی کۆن و ناوەڕاست، وەرگێرانی: سەلام کەریم، هەولێر: چاپخانەی چوارچرا، چاپی سێیەم، ٢٠١٠.

٢- کەمال، پولادی، (٢٠٠٥)، مێژووی هزری سیاسی لە رۆژئاوا (لەسوکراتەوە تا ماکیاڤێلی)، بەرگی یەکەم، وەرگێرانی: ئازاد وەلەدبەگی و سیروان جەبارزەندی، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

٣- ف.س. نەرسیسیان، (٢٠٠٨)، مێژووی هزری سیاسی لە یۆنانی کۆندا، وەرگێرانی: یاسین هێژا، هەولێر: چاپخانەی رۆژهەلات.

٤- حەمید، عەزیز، (٢٠٠٨)، سەرەتایەک لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان، هەولێر: چاپخانەی رۆژهەڵات، چاپی پێنجەم.

٥- ئەفلاتون، (٢٠٠٦)، کۆمار، وەرگێرانی:سۆران عومەرحەمە وئەوانی تر، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

٦- سڤێن، ئێرک لیدمان، (١٩٩٧)، رێگوزەری بیری سیاسی، وەرگێرانی: ئاسۆ کەمال، ستۆکهۆڵم: وەشانێن ئاپێک.

بەعەرەبی:

٧- غانم، محمد صالح، (٢٠٠١) ، الفكر سياسى القديم و الوسيط موصل: دارالمكتب و النشر جامعه الموصل.

٨- عامر حسن فياض و على عباس مراد(٢٠٠٩)، الفكر سياسى القديم، دارالجنان للنشر والتوزيع، عمان.


| ١٧. بابەتەکان | ناوی مامۆستای وانەبێژ |
|---|---|
| ١- دەروازەی بابەت: ئاشنا کردنی قوتابیان بە ناوەرۆک و ئەو بابەتانەی کە لەم وانەیە دەخوێندرێت و ئاشناکردنیان بە هێڵە گشتیەکانی وانە و ئامانج و مەبەستەکانی وانەکە.<br>٢- گرنگی، پێناسە، بوار و رەهەندەکانی هزری سیاسی یۆنان<br>٣- ا- دەوڵەت- شار ب- دەوڵەتی ئەسینا ج- دەوڵەتی ئێسپارتا<br>٤- سوفستاییەکان<br>٥- سوکرات و بیرمەندانی پێش ئەفلاتون<br>٦- فەلسەفەی سیاسی ئەفلاتون<br>٧- ئەفلاتون و کتێبی کۆمار:<br>تیۆری گەشەسەندن و سەرهەڵدانی دەوڵەت<br>٨- ا- دادپەروەری ب- هاوبەشی لە خاوەنداریەتی و خێزان<br>٩- ا- پەروەردە فێرکردن ب- سیستەمەکانی فەرمانرەوایی<br>١٠- ئەفلاتون و کتێبی سیاسەتمەدار<br>١١- ئەفلاتون و کتێبی یاساکان<br>١٢- تاقیکردنەوەی وەرزی یەکەم | ئومێد عبدالقادر عبدالكريم<br>کات: ٣ کاتژمێر<br>تێبینی:<br>بە پێی کاتی وەرگرتنی قوتابیانی قۆناغی یەکەم لە ناوەندی وەرگرتنی قۆتابیان وەزارەتی خویندنی باڵا ئەوە ساڵانە خشتەی کاتی وانەکان دەگۆردرێت و جێگیر نییە و بەم پێیەش کاتی وانەی هەفتانە دەگۆردرێت وبەم شێوەیە دەستنیشان دەکرێت. |

| | |
|---|---|
| ١٣- خستنـه رووی هزر و ژیان و بـەرهـەمـەکانـی ئـەرەستو<br><br>١٤- ا- ئـەرەستو و تیۆری دروستبوونـی دەوڵـەت ب- نمونـەی ئـایدیاڵـی دەوڵـەت<br><br>١٥- ا- دادپەروەری ب- فێربوون و پەروەردە ب- سیستـەمـەکانـی فـەرمانرەوایی لـە هزری ئـەرەستو ج- بنـەمای دابـەشکردنـی دەسـەڵاتـەکان د- کۆیلـە<br><br>١٦- ا- تیۆرەکانـی شۆرش لـەلای ئـەرەستو ب- کتێبی کۆماری ئـەرەستو<br><br>١٧- کۆتایی سـەردەمی یۆنان: سیماکانـی پاش ئـەرەستو<br><br>١٨- خستنـەرووی هزر و قوتابخانـەی کـەلبیـەکان<br><br>١٩- خستـەرووی هزر و قوتابخانـەی رەواقییـەکان<br><br>٢٠- خستنـەرووی هزر و قوتابخانـەی ئێپیکورییـەکان<br><br>٢١- ئاراستـەی بیری و سیستـەمـە سیاسیـەکانـی رۆمان<br><br>٢٢- سـەردەمی پاشایـەتی<br><br>٢٣- سـەردەمی کۆماری<br><br>٢٤- سـەردەمی ئیمپراتۆری<br><br>٢٥- تاقیکردنـەوەی وەرزی دووەم<br><br>٢٦- هزری سیاسی پولیپ<br><br>٢٧- هزری سیاسی شیشرۆن<br><br>٢٨- هزری سیاسی سێنێکا<br><br>٢٩- ا- بنـەما یاسایی و پەیوەندیە نێودەوڵـەتییـەکانـی رۆماب- بـەشداری رۆما لـە بیری سیاسیدا<br><br>٣٠- پێداچوونـەوی گشتی و کۆتایی وانـەی هزری سیاسی پێش تاقیکردنـەوەی کۆتایی ساڵی خویندن | |
| ١٨. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) | -------- |
| | |

**١٩. تاقیکردنەوەکان**

**دارشتن:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە پرسیارەکان زۆربەی بە وشەی وەک روون بکەوە چۆن...؟ هۆکارەکان چی بوون...؟ بۆچی...؟ چۆن...؟ دەستپێدەکات.
نموونەی پرسیاری کۆتای ساڵ:

**پ١ // ئەم چەمکانە پێناسە بکە: (١٠ نمرە ، ٥ نمرە بۆ هەر لقێك)**

١- **دەوڵەت شار.**

٢- **تیۆری سیاسی.**

٣- **هزری سیاسی**

**پ٢ // سیستەمەکانی فەرمانرەوایی و چۆنییەتی پۆلینکردنیان و شێوازەکانی حوکمرانی لەلای ئەفلاتۆن لە کتێبی "سیاسەتمەدار" دا بخەروو و باسیان بکە. (١٥ نمرە)**

**پ٣ // پێوەری پۆلینکردنی سیستەمەکانی فەرمانرەوایی و جۆر و شێوازی حکومەتەکان لەلای ئەرستۆ لە کتێبی "دەستورەکان" چین و روونی بکەوە ؟ بیـروراى ئەرەستۆ لەم بارەیەوە بە وردی بخەروو. (١٥ نمرە)**

**پ٤ // گرنگتـرین رەگەزەکانی "هزری سیاسی شیشرۆن" چین ؟ بە چەند خاڵێك بە وردی روونیان بکەوە. (٢٠ نمرە)**

**٢٠. تێبینی :**

پێویستە قوتابیانی قوناغی یەکەم لە ماوەی ساڵی خوێندنیان وانەی قەرەبوو وەربگرنەوە بۆ ئەو وانانەی کە بە هۆی دواکەوتن لە دەستپێکردنی خوێندن لەسەرەتای ساڵ نەیانتوانیوە بیخوێنن، تاوەکوو بتواندرێت هەموو بابەتەکان بە پێی خشتەی سیستەمی ساڵانە تەواو بکریت و قوتابی زیانمەند نەبێت.

**٢١. پێداچوونەوەی هاوەڵ:**